# وەسـێتنامەی شـەرعی

قال رسول الله (ﷺ) :

**((ماحق امرئ مسلم له شيء يريد أن يوصي فيه يبيت ليلتين إلا و وصيته مكتوبة عنده )).**

أخرجه البخاري ومسلم

**ئامادەکردنی**

**یحیی ستار شێخانی**

**لە بڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئاشتی**

www.ashtyk.com

**ژمارە (١)**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

**ئەمەیە وەسێتەکەم:**

**من**(                              ) شایەتی ئەدەم، کە هیچ خوایەك نییە شایستەی پەرستن بێت بە حەق جگە لە (**الله**) تاك و تەنهایە و شەریکی نییە، هەروەها **محمد** (ﷺ) بەندە و نێردراوی ئەوە و ڕۆژی قیامەت دێت و هیچ گومانێکی تێدا نییە و خوای گەورە خەڵکی زیندوو دەکاتەوە لە ناو گۆڕ، هەروەها وەسێت دەکەم بۆ کەس و کارم لە دوای خۆم تەقوای خوای گەورە بکەن و چاك بن لە گەڵ یەکدا و گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بکەن. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبۡرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ وَيَعۡقُوبُ يَٰبَنِيَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٣٢﴾ ﴾ {البقرة: ١٣٢}.**واتە:** ئیبراهیم و یەعقووب (سەلامی خوایان لێ بێت)، ئەو ئایینەیان بە کوڕەکانیان وەسێت کرد و ڕاسپارد، گوتیان: ڕۆڵەکانم..!بێگومان بن کە خوای گەورە ئەم ئایینی یەکتا پەرستییەی هەڵبژاردووە بۆتان، دەسا ئێوەش هەوڵ بدەن، کە تەنیا و تەنیا بە موسڵمانێتی بمرن، واتە: تەنها ساتێك لەم دینە دوور نەکەونەوە.

وە وەسێت ئەکەم بۆ ئەم شتانە:

١- لە کاتی مردنمدا چەند پیاو چاکێك لە دیار سەرم بن بۆ ئەوەی بەیادم بهێننەوە کەوا گومانی باشم هەبێت بە خوای گەورە .



٢- شایەتمانم پیێ بهێنن.

٣- لە کاتی مردنمدا غەیری دۆعای خێر زیاتر هیچی تر نەڵێن.

٤- پەلە کردن لە کفن کردنمدا .

٥- شیوەنم بۆ نەکرێت و ڕازی نیم بەو کارە چونکە حەرامە و شەرعی نییە.

٦- دەنگ بەرز نەکردنەوە و لاوانەوە بە هیچ شێوەیەك چونکە هەمووی حەرامە.

٧- چاوەکانم دابخرێت و بە پارچە قوماشێکیش هەموو گیانم داپۆشن و ڕێگر نیم لەوانەی کە مەحرەمن ماچم کەن.

٨- هەروەها قەرزەکانم بۆ بدەنەوە ئەگەر هەموو ماڵەکەشم بگرێتەوە، ئەمەش قەرزارییەکانمە:.......................................... ..............................................

٩- ئەو کەسەی زیاتر بە سوننەت شارەزایە بمشۆرێتەوە و ئەگەر لە کەس و کارم بێت باشترە، ئەگەر عەیبێکیش لە گیانمدا بوو بیشارێتەوە.

١٠- هەروەها زێدڕەوی نەکەن لە کفن کردنمدا و لە سێ پارچە زیاتر نەبێت چونکە ئەبێتە هۆی بە فیڕۆدانی پارە و پول ئەویش قەدەغە کراوە لە شەرعدا .

١١- ئافرەتان دوای جەنازەکەم نەکەون.

١٢- خەڵکانێکی زۆر نوێژ بکەن لە سەرم چونکە سودێکی زۆری بۆم هەیە.